كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردیە
www.kurdistannet.org
10-5-2007 22:45بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## تەقینەوەكەی هەولێرو پروپاگەندەی راگەیاندن بۆ تیرۆر ... ستار چاوشین



ئەوەی لە پشت تەقینەوەكەی شاری هەولێرەوەیە، بە بی ئامانج و ستزتیژیەتێكی دیاری كراو ئەم كارە ناشیرین و قێزەونەی ئەنجان نەداوە، ئەو گروپە، لایەنە یان كۆمەڵەیە كە نازانین كی یە لە یەك كاتا دەیەوی بە ئێمە بڵی ئەو هەرێمەی ئێوە كاری بۆ دەكەن ئارام نیە، ژیانی ئازادانەی تیانیە، بە دیوێكی تری خوێندنەوە بۆ ئەو كارە ئەوەیە لە دیدی تیرۆرەوە ئەو هەرێمە نیە كە لە محافلی نێو دەوڵەتی دا شانازی بە بەرەو پێش چونی بكەی كە هەموو ئەمانە لە سەیری رەشی تیرۆرەوە وانیەو پێچەوانەكەی راستە كە هەرێمێكە لە ناوچەكەدا وەك نمونەیەك لە جوانی و فەزای ئازادی و گەشەی دیموكراسی ژیانی یاسایی و كارگێری تیا بەرقەرارە، رۆژ بەرۆژ هەنگاوەكانی بەرەو دونیای ئازادی و سەربەخۆبون دەچێت، كەس ناتونێت نكوڵی لە بونی ئەم ئەزمونە بكات بە تێروری هیچ نەدیویشەوە، هەمومان ئەوەشمان لا روونە نامەی دژەكانی دیموكراسی و ژیانی مەدەنی لە كوردستان بۆ ئەم هەرێمە لەم كارە ناشیرین ترو بی حورمەتتر نابێت، بۆ ئەوەی راگەیاندنی كوردی و كوردستانی نەبنە هەمان مینبەرەكانی (الجزیرە و الزورا) رۆڵی ریكلام بۆ تیرۆر نەبینین دەبێت هەڵوێستەیەك بكەین و بە هەڵپەوە چۆراوەی خوێنی شەهیدەكانمان پێشانی دونیا نەدەین بەو شێوەیەی كە تیرور دەیوێت، من دەزانم ئێستا راگەیاندن كارێك ئەم دێرانە بخوێنێتەوە لە وڵامدا دەڵێت بۆ ئێمە بترسین لەوەی تەواوی وێنەكانی ئەم كارەساتە پێشانی دونیا نەدەین؟وە رەنگە بە دیدی برای رۆژنامە نوس راست بی و ئەوە رایە مەلە كردنە دژی شەپۆلی ئەو دەریایە لە رۆژنامەنوسی و ئازادی یەكانی راگەیاندن كە پرۆسەی دیموكراسی لە گەڵ خۆیدا هێناویەتی،

ئێمە ئەوەمان لە بیر نەچێت تیرورستان دەیانەوی ئەو كارەی كردویانە زۆرترین كەس و وڵات ئاگادار بن و وە ئەمانی تیرۆرست بۆ ئەم مەبەستە كاسێتەكانیان وێنە دەگرن بە كەناڵەكانی دۆستە تیرۆری دەدەن تا بە دونیا بڵێن، دژەكانی ریفورم و دیموكراسی لە ناوچەكە باڵ دەستن و بە بی ئەوان ئارامی لەم وڵاتەدا نیە،

لە بەرامبەر ئەم رایە كە دژی تەواوی بەهاكانی دیموكراسیە راگەیاندن كاری چی یە دەیەوێت چ بێژی،

كاری راگەیاندن تەنها ئەوەنیە كە وێنە بگوازێتەوە، ئەگەر توانای خوركردنەوەی راستە ەهێڵەكەی نیە بۆ بینینی هێلی نەتەوەیی و نیشتمانی هەمووومان لەم جوگرافیایە با بپرسێت چۆن ئەم ئۆتۆمبیلە بارهەڵگرە گەیشتە سەر شەقامی شەست مەتری لە كاتێكدا قەدەغەیە ئۆتۆمبێلی بارهەڵگربگاتە ئەو شوێنە، !! بپرسێت كی ی كوشت چەند ئەم تاوانە قورسە، وە لە سەر ئاستی كوردستانی و جیهانی رایەك بدۆزێتەوە لە دژی ئەم كارە بوەستنەوە، بریندارەكانیشمان لە ولاتان بۆ چارەسەر بكەن، من دڵنیام كەناڵێكی راگەیاندن بۆ رۆژی دوای لە دەرگای هیچ ماڵێك نادات لەو

منالانە بپرسێت تیرۆر چون رۆحی بردوون،

بۆ راگەیاندن ناگەرێت كار لە سەر ئەو درزو كەلەبەرانە ناكات كە تیرۆر توانیویەتی دزەی تیا بكات. !

بۆ ناپرسێت بۆ ئەو هەموو پێشنیارو وتارانە لە بەرچاو نەگیرا سەبارەت بە هاتنی ئەو رێژەی زۆری عەرەب بۆ كوردستان كە ئەمرۆ با بی شەرمانە بلێین سەرچاوەی تیرۆر ناوچە عەرەب نشینەكانە، ؟؟

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

www.kurdistannet.org
22:45 10-5-2007بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

بۆ زیاد لە حەجمی خۆی ڕێژەی بریندارو کوژراو بڵاو دەکەنەوە چاوەری ی ڕاستی هەواڵەکە ناکەن، کەی ڕاگەیاندنی کوردستانی هاوکاری هەرێمە دەکەن لەگەڵ ئەو کارانەی خۆیان بروایان پی یەتی لە گواستنەوەی هەواڵ و ڕاستی و دروستی بۆ هەر ڕوداوێك کە ڕوو دەدەن، کە نەدەبوو تەواوی کاتی یەك ڕۆژی بەرنامەکانیان بۆ کارێکی تیرۆرستی تەرخان بکەن کە دڵنیام ئەو گروپەیان دڵخۆش کردوە بەم کارەیان، لە گەڵ ڕێزو خۆشەویستیم بۆ ڕاگەیاندن کاران کە بە ئەمانەتەوە کار لە سەر ڕوداوەکان دەکەن، لە نێو کارەکەشیاندا هەرێمەکە بە تەواوی لایەنەکانی ژیانی یسیاسی، ئابوری و کومەلایەتی یەوە لە بەرچاو دەگرن، زۆرترین پرسیار لە عەقلیەتی ڕۆشنبیری خۆیان بەرهەم دەهێنن، نابێت ئەوەمان لە بیر بچێت، تەنها بە دەزگای ئاسایش کاری تیرۆر کونترۆل ناکرێت، ئەم جەنگە پێویستی بە هەمومانە...

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.